www.kurdistannet.org
16/02/2002 00:05

# ناسیۆنالیزم چ شانازییەكی تێدایە بۆ ئینسان!؟

محسن كريم

له پانێلی گۆڤاری ریفراندۆم لەسلێمانی لەوەڵام به قسەكانی مندا سەبارەت به جیابوونەوەی كوردستانو پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ له كوردستان، مەلا بەختیار ئەندامی مەكتبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان وتی كه حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری جاران ئەیوت ناسیۆنالیزم شەرمەزارییه بۆ بەشەر كەچی ئێستا ١٨٠ دەرەجه بای داوەتەوەو باسی دەولەتی كوردی دەكەن! بێگومان من روونكردنەوەیەكی كورتم لەوبارەیەوە دا، بەڵام بەهۆی كەمی كاتی قسه كردنەوە نەكرا روونكردنەوەی زیاتر بدەم و هەوڵ ئەدەم لێرەدا ئەوە قەرەبوو بكەمەوە، چونكه ئەم قسەیه به تەنها قسەی مەلا بەختیار نییه و زۆرێك له سەرانی ناسیۆنالیستی كوردو سیاسەتمەدارو رۆشنبیرەكانی لەهەر جێگایەك كه دەكەونه ژێر فشاری سیاسی ئێمەوە لەپەیوەند به چارەنووسی سیاسی كوردستانو خەڵكەكەیەوە، ئەمه دەڵێنەوە، به خەیاڵی خۆیان وەكو ئەوەی خاڵێكی لاوازی حیزبی ئێمەیان گرتبێ! هەم بەم شێوەیە ئەیانەوێ تەرحەكەی حیزب بێبایەخ نیشان بدەن و هەم خۆشیان لەو ئیحراج بوونە بدزنەوە كه لەكاتی وەڵامدانەوە به مەسەلەی جیابوونەوەی كوردستانو دەوڵەتی سەربەخۆ رووبەرووی دەبنەوە، چونكه حیزبەكانی بزووتنەوەی كوردایەتی و سەركردەكانیان دژی جیابوونەوەی كوردستان و پێكهاتنی دەولەتی سەربەخۆن! ئەمەشیان له جێگای جۆراوجۆردا راگەیاندووەو تەنانەت هەفتەنامەی (الاتحاد– زمانحاڵی یەكێتی نیشتمانی) له ژمارەی رۆژی (١) ی ئەم مانگەدا له زمانی رۆژنامەیەكی میسرییەوە به مانشێتی گەورە نوسیویەتی"یەكێتی نیشتمانی كوردستان پێ لەسەر دژایەتی كردنی پێكهێنانی دەوڵەتێكی كوردی لەعێراقدا دادەگرێ".

بەر لەوەی قسه لەسەر ئەوە بكەم كه ئایا ئێمه دەرەجەیەك به لای ناسیۆنالیزمدا بامان داوەتەوە یان نا!؟ ئایا ناسیۆنالیزم به شەرمەزاری دەزانین یان نا!؟ ئەمەوێ لەسەر ئەوە بدوێم كه ئێمه بۆچی داوای جیابوونەوەی كوردستانو پێكهینانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەكەین؟ ئایا ئەو دەوڵەتەی داوای دەكەین دەوڵەتی كوردییه(واته دەولەتێكی ناسیۆنالیستییه)!؟

به بڕوای من هەموو ئەو سیاسەتمەدارانەی ناسیۆنالیزمی كورد كه دەڵێن حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری داوای دەوڵەتی كوردی دەكات، خۆیان لەوە دڵنیان كه ئەو قسەیەیان دوورە له راستییەوە، چونكه لانی كەم ئەوە زیاتر له (٦) ساڵە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق ئەم سیاسەتەی راگەیاندوەو دەیان سیمینارو كۆری جەماوەری لەسەر بەستوەو سەدان بەیاننامەو ووتاری جۆراوجۆری لەسەر نووسیوە، بۆیه ناكرێو بەعەقڵی هیچ كەسێكدا ناچێ كه سیاسەتمەدارەكانی ناسیۆنالیزمی كورد ئەو شیعارەیان لەبیرمابێ كه نزیكەی (٩) ساڵ لەمەوبەر له لایەن بزووتنەوەی ئێمەوە بەرزكرایەوە، بەڵام ئەوەندە له وەزعی سیاسی بێ ئاگابن كه نەزانن سیاسەتو هەڵویستی سیاسی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق سەبارەت به چارەنووسی سیاسی كوردستان و چارەسەری كێشەی كورد چییه كه ئەوندەش كۆن نییه تا لەبیریان چووبێتەوە!

ئێمه هەروەكو پێشتریش رامان گەیاندوە بەپێی ئەم بەڵگه سیاسییانه خوازیاری جیابوونەوەی كوردستانی عێراقو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆین:

دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێكی نەتەوەپەرستی عەرەبییەو مافی یەكسانی هاوڵاتیبوون بۆ هەموو دانیشتوانی عێراق بەرەسمی ناناسێت. خەڵكی كوردستانی عێراق لەژێر سایەی دەسەلاتی ئەم دەولەتەدا ماوەی زیاتر لەنیو سەدەیه چەوسانەوەیەكی نەتەوەییان بەسەردا سەپێنراوەو دڕندانەترین سەركوتو پاكسازی نەتەوەیی له دژیان ئەنجام دراوە.

كوردستانی عێراق لەدوای ساڵی ١٩٩١وە به عەمەلی له عێراق دابڕاوە و دەسەڵاتی دەوڵەتی مەركەزی لەكوردستان نەماوە، له كاتێكدا هیچ رەسمیەتێكی نێو دەوڵەتیشی وەكو ناوچەیەكی سەربەخۆ نییه و خەڵكی كوردستان له چاوەڕوانی سیاسیدا راگیراون و كۆمەڵگای

کوردستان لە کۆمەڵگایەکی ئاساییەوە گۆڕاوە بۆ ئۆردوگایەکی ئاوارەیی کەلەباری ئابووریەوە پشتی بە کۆمەکی نەتەوە یەکگرتوەکان بەستووەو خاوەنی بنەمای ئابووری بەپێودانگی کۆمەڵگایەکی ئاسایی (هەرچەند لاوازیش) نییە !

درێژەکێشانی ئەم باردودۆخە سیاسیە هەلواسراوە، ژیانی خەڵك و ئایندەی بەرەو تاریکیو بێ ئومێدیو هەڵوەشانەوەی هەرچی زیاتر دەباتو بنەماکانی کۆمەڵگایەکی ئاسایی و مەدەنی لەنێو دەبات. بۆیە دەبێ هەرچی زووە کۆتایی بەم بارودۆخە سیاسیەی ئێستای کوردستان بهێنرێو چوارچێوەی سیاسی جوگرافیایی کوردستانی عێراق ڕۆشن بکرێتەوە.

ڕۆشن کردنەوەی وەزعی سیاسی جوگرافی کوردستانی عێراق بە دوو ڕێگا دەکرێ، یەکێکیان گەڕانەوەیە بۆلای دەوڵەتی مەرکەزی و ئەوی دیکەیان جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانیدەوڵەتی سەربەخۆیە، ئەمەش دەبێ لەڕێگای ڕاپرسیەکی گشتی (ریفراندۆم)ەوە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان ئەنجام بدرێ. وە ئێمە پێمان وایە گەڕانەوە بۆ لای حکومەتی مەرکەزی بەو تایبەتمەندیانەوە کەهەیەتیو لەسەرەوە ئیشارەمان پێکرد، بە مانای درێژەپێدانی هەمان بێمافیو چەوسانەوەو سەرکوتی نەتەوەییە، خەڵکی کورستانیش بەهیچ شێوەیەك ناچنەوە ژێر دەسەلاتی وەحشیانەی دەوڵەتێکی نەتەوەپەرستی وەکو بەعس، پێشنیاری ئێمەش وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە مل بەوە نەدەنو دەنگ بۆجیابوونەوە و پێکهێنانیدەوڵەتی سەربەخۆ بدەن. بەڵام ئێمە نامەنەوێ لە کوردستان دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی"کوردی"پێك بێت و پێناسەی نەتەوەیی بە بالای خەڵکی کوردستاندا بکەینەوە. ئێمە بۆ ئەوە تێ دەکۆشین کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەولەتێکی غەیرە قەومی وە غەیرە مەزهەبی بێت، واتە دەوڵەتێکی مەدەنیو سکولار بێت کە هیچ پێناسەیەکی نەتەوەیی و دینی بۆخۆی بەرەسمی نەناسێت و هەموو هاوولاتیانی کوردستان لە چوارچێوەی دەستورو یاسای ئەم دەوڵەتەدا خاوەنی مافی یەکسانی هاوولاتی دەبن!

هەڵبەت دەبێ ئیشارە بەوە بکەم کە ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی لەئاستی سەراسەریدا ئاسۆیەکی نزیكو فەوری بۆ دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری نیشان بدایە، یان بزووتنەوەی نارەزایەتی گشتی ئاسۆی دامەزراندنی دەسەلاتێکی سکولارو غەیرە قەومی لە عێراقدا بخستایەتە روو، ئێمە ئەم پێشنیارەمان بۆ خەڵکی کوردستان نەدەکرد، چونکە چ لە سایەی حکومەتیکرێکاریدا کەئاسەوارێك بۆ هیچ جۆرە چەوسانەوەو نایەکسانیەیەك، بە ستەمی نەتەوەییشەوە نامێنێ، وە چ لە سایەی حکومەتێکی مۆدێرن و غەیرە قەومیدا کە مافی یەکسانی هاولاتی بوون بۆ هەموو دانیشتوانی عێراق سەربەخۆ لە (نەتەوەو زمان) بەرسمی ئەناسێت، خەڵکی کوردستان ڕووبەرووی هیچ جۆرە نایەکسانیو هەلاواردنێکی"نەتەوەیی" نابنەوە و دەتوانن لە چوارچێوەی عێراقدا بەمافی یەکسانەوە لەگەڵ سەرجەم دانیشتوانی عێراق دا ژیان بەسەر بەرن و خەبەرێك لە جیاوازی نەتەوەیی ودابەشکردنی ئینسانەکان بەپێی"ئینتمای نەتەوەیی و زمان" نەبێت! هەرچەند ئێمە جیابوونەوە بە باشترین ڕێگاچارە نازانین، بەڵام بەپێچەوانەی ناسیۆنالیستەکانی کوردەوە کە دەیانەوێ هەتا هەتایە پێناسەی ناسیۆنالیستی وکوردایەتی بکەنە کالای بە بالا براوی خەڵکی کورد زمان و هەرگیز گەنجینەی"کوردبوون"یان لەدەست دەرنەچێ تا لەسەر هێشتنەوەی "کێشەی کورد" درێژە بە کەسابەتەکەی خۆیان بدەن، ناتوانین ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێکیش بووە بە(٤) ملیۆن ئینسان کە ژیانو چارەنوسیان لە سەرگەردانیو چاوەڕوانیدا ڕاگیراون بڵێین ڕاوەستن و چاوەڕوانی ڕێگاچارەیەکی گونجاوتر بکەن کە ئاسۆکەی لە ئێستادا ڕۆشنو مەلموس نیيە! ئێمە لە روانگەی کۆمۆنیستیو ئینسانیی بزووتنەوەو چینەکەمان، چینی کرێکارەوە، داوای جیابوونەوەی کوردستان دەکەین و ئەمەش هیچ ناکۆکیەکی نیيە لەگەڵ پرەنسیپی سیاسیو کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریو بزووتنەوەی ئێمە لەم مەیدانانەدا خاوەنی پاشخانێکی مەزنو پڕ شانازیيە!

ئێستا با بێمەوە سەر ئەوەی کە ئایا پەشیمان بووینەتەوە لە شیعاری (ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەریەت)!؟

من لە قسەکانیسەرەوەمدا ئەوەم روونکردەوە کە تەرحی جیابوونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە قەدەر سەرە دەرزیيەك پەیوەندی بە تەمایولاتی ناسیۆنالیستیو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردەوە نیيە، بەڵکو تەرحو ڕێگاچارەی کۆمۆنیستی کرێکارییە بۆ مەسەلەیەکی سیاسی ئالۆزو گرێخواردووی کۆمەڵگای عێراق کەناوی کێشەی کوردە لەم هەلومەرجە سیاسیەی ئێستای

عێراق وناوچەکەدا. بۆیە ئەبێ ئێستا ئەوە روون بووبێتەوە کە ئێمە تەنها یەك پلەش، نەك (١٨٠) بەلای ناسیۆنالیزمدا بامان نەداوەتەوە.

بە بڕوای من ناسیۆنالیزم خاوەنی هیچ شانازییەك نییەو مێژووی (١٠-١٢) ساڵی رابردووش ئەوەندەی دیکە ماهیەتی نامۆبونو دوژمنایەتی ئەم بزووتنەوەی بە پرەنسیپە ئینسانیەکانو خاسیەتی واقعیو کۆمەڵایەتی ئینسان تەئکید لێکردۆتەوە. دەبێ چ شتێکی ناسیۆنالیزم بۆ ئینسان مایەی شانازی بێت کاتێك بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکان لە ئەوروپای رۆژهەڵات بەر لە(٨-٩) ساڵ ورگی خەڵکی مەدەنییان لە "نەتەوەکان"ی غەیری خۆیان هەڵدەدڕی !؟ کاتێك دەوڵەتێکی نەتەوەپەرستی دڕندەی بێهەوساری وەکو بەعس سەدان هەزار کەسی بە بیانووی"کورد بوون" ئەنفال و کۆمەڵکوژ کرد و ئێستاش حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وناسیۆنالیستە کوردەکان لەو دیموکراتتریان دەست ناکەوێ تا پەنای بۆ بەرن بۆ چارەسەری کێشەی کورد! کاتێك دەوڵەتێکی نەتەوەپەرستی مەزهەبی وەکو ئیسرائیل بەبەرچاوی دنیاوە"میللەتێك" سەردەبڕێت!! کاتێك دەوڵەتانی ناسیۆنالیست بۆ پاراستنی"بەرژەوەندی باڵای میللەت!" سەدان هەزار سەرباز لە سەر سنورەکان کۆدەکەنەوە و هەرجارەی شەڕێك بەرپا دەکەنو هەزاران ئینسانی تێدا دەدەن بەکوشت! شەڕیعێراق و ئێران چ شانازیەکی بۆ خەڵکی عێراق و ئێران تێدایە کە نزیکەی یەك ملیۆن ئینسان بەناوی" پاراستنی نەتەوەو نیشتمان"ەوە هەڵ لوشی!؟ خەڵکی پاکستان و هیندستان هەست بە چ "شانازییەکی نەتەوەیی" بکەن کە "دەوڵەت"ەکانیان هەموو رۆژێك لەبەردەرگای شەڕێکی خوێناوی و خەتەرناك رایان دەگرنو، سەرەنجام ناسیۆنالیزمی کوردیش چ شانازیەکی بۆ خەڵکی کوردزمان پێیە کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەواندا پاش نزیکەی(٥٠) ساڵ کوشتارو کوێرەوەری ماڵوێرانی، کەچی دەسەڵاتی "خۆماڵی!"جەهەنەمێکی بۆداناون و شەڕێکی خوێناوی چەند ساڵەی بەسەردا سەپاندن و دەستیان بەسەر پاروی دەمیاندا گرتوە و تروسکاییەکیان بۆ ژیانێکی شایستە بە ئینسانی ئەم سەردەمەیان بۆنەهێشتوونەتەوە.